# Allemansrätten

*Information på sorani (sydkurdiska).*

## مافی گشتی هەموو کەسێك لە سوید

لە سوید هەموو کەسێك مافی هەیە لە دەرەوە و سروشتدا بێت هەتا لەسەر زەوی شەخسی خەڵکی تریش. ئێمە بەوە دەڵێین مافی گشتی هەموو کەسێك. ئەمە سەربەستییەکە کە بەرپرسیارییەکی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت کە پیاو دەتوانیٚ مەبەست لەو بەرپرسیارییە بە کورتی بە چەند وشە بڵێ: خەڵك بێزار مەکە – شت تێك مەدە و خراپی مەکە. لێرە لە خوارەوە دەتوانی کورتەیەك دەربارەی مافی گشتی هەموو کەسێك بخوێنیتەوە.
زانیاری زیاتر دەربارەی مافی گشتی هەموو کەسێك بە چڕوپڕی هەیە کە بە زمانی سویدی، ئینگلیزی، و ئەڵمانی دەتوانیت بخوێنیتەوە لە ماڵ لاپەرەی دەزگای دەوڵەتی چاودێری سروشتدا: www.naturvardsverket.se
هەروەها لە هەمان شوێن دەقێکی کورتکراوە دەربارەی مافی گشتی هەموان بە زمانێکی سویدی ئاسان نووسراوە.
نامیلکەش هەن کە بە زمانی سویدی و ئینگلیزی و ئەلمانی بە کورتی لە سەر مافی گشتی هەموو کەس نووسراون.

## بە پێ، بە پاسکیل و بە سواری بڕۆ

تۆ دەتوانی لە ناو سروشتدا بەپێ یان پاسکیل لێخوڕیت و یان بە سواری وڵاخ بڕۆیت. بەڵام پارچە زەوی خەڵك/ حەوشە و باخچەی دەوری خانوو، کێڵگە و شوێنی چاندن و کشتوکاڵ لێکراو ناوچەی قەدەغەن. کە دەڵێین پارچە زەوی خەڵك مەبەستمان ئەو زەوییەیە کە کەوتۆتە نزیك و تەنیشت خانووی ئەو کەسانەوە کە لە خانووەکەدا دەژین و مافی خۆیانە کە لەوێ وەرس و نارەحەت نەکرێن. ئەگەر هاتوو تۆ بۆ وێنە بەناو لەوەڕگە/پارچە زەوییەکی شوێنی لەوەڕاندنی ئاژەڵدا تێپەڕبوویت دەرگای شوێنە تەلبەند کراوەکە/پەرژینکراوەکە بە دوای خۆتا داخە. هەوڵ بدە کە بە ڕێچکەی/ڕاڕەوی باریك و بن نەرم و ئەو شوێنانەدا کە بەرگە ناگرن بە پاسکیل یان بە سواری وڵاغ نەڕۆیت. هەروەها بەسواری وڵاغ بەو ڕاڕەو جێ پێی شوێنی ڕاکردن و وەرزشکردن و خەتی شوێنی بەداربەسەربەفرخلیسکاندا مەڕۆ.

## ئوتومبیل و ڕێگای تایبەت و سەربە کەسێك

لێخوڕینی ئوتومبیل، ماتۆڕ، ماتۆڕی بچوك و شتی کە بە ماتۆڕ ڕاکێشرێت بە ناوچەی زەوی بەتاڵدا/پانتایی ڕووتدا قەدەغەیە. یانتای بەتاڵ هەموو ئەو ناوچە و شوێنانە دەگرێتەوە کە زەوی سروشتین هەروەها ڕێچکە/ڕاڕەوی جێ پێی شوێنی مەشقی ڕاکردن و وەرزشکردن و خەتی پیاگەڕان هەمووی بە زەوی سروشتی دەژمێرێن. ( قەدەغە نیە کە ماتۆری بەسەر بەفرخلیسکان لێخوڕیت تەنها ئەگەر مەترسی زیان و زەرەرگەیاندنی دارستانی یان زەوی بن بەفرەکەی بە دوادا نەیەت. لە هەندێك ناوچە بەتەواوی قەدەغەیە کە پیاو ماتۆری بەسەر بەفرخلیسکاندا لێخوڕێت یان ڕێگە دەدرێت بە لێخوڕینی ئەم جۆرە ماتۆری بەسەر بەفرخلیسکانەدا تەنها ئەگەر خەتی جێ شوێنی بۆ ئەو مەبەستەی بۆ کرابێ). هەروەها لەوانەشە لێخوڕینی ئوتومبیل بەناو ڕێگای تایبەتدا/شەخسیدا کە سەر بە کەسێکە قەدەغەبێت. ئەم جۆرە ڕێگایانە تابلۆیەکی نیشانەی قەدەغەی لێخوڕینی پێوە هەڵواسراوە.



## چادر و خانووی فارغۆن

تۆ دەتوانیت چەند شەو و ڕۆژێك لە سروشتدا چادر هەڵدەیت. خۆ ئەگەر ویستت زیاتر لەو شوێنە بمێنیتەوە یان ئەو شوێنەی کە چادرەکەت لێ هەڵداوە نزیکی ماڵێك بوو ئەوا دەبێ پرسیار لە خاوەنی زەویەکە بکەیت بۆ ئەوەی ڕێگەت بدات کە چادر لەو شوێنە هەڵدەیت. پێش ڕاگرتنی خانووی فارغۆنی کە بەدوای ئوتومبیلدا ڕادەکێشرێت یان ئوتومبیلی خانوویی لە شوێنێك یان لە ڕێگایەك کە موڵکی شەخسی تاکەکەسێك بێت ئەبێ پرسیار لە خاوەنی زەوی یان ڕێگاکە بکەیت. لێخوڕینی فارغۆنی کە بەدوای ئوتومبیلدا ڕادەکێشرێت یان ئوتومبیلی خانوویی بە ناو ناوچەی/پانتایی بەتاڵدا قەدەغەیە بۆ وێنە لە کەناری ئاوەکان یان لە مێرگە و شوێنی تەڕ و سەوزایی.

## لــە ئــاودا




تۆ دەتوانی بەلەم لێخوڕیت، بەلەمەکەت بە کاتیی ڕاگریت و بیبەستیتەوە، بچیتە سەر وشکایی و لە کەناری ئاوەکان مەلە بکەیت بەڵام نەك لە نزیك ئەو خانوو و ماڵانەی کە خەڵکی تیا دەژی. سەرنج بدە ئەو تابڵۆیانەی کە نیشانەی ناوچەی پاراستنی باڵندەن یان ئەو شوێنانەی تر کە قەدەغەن بچیتە ئاوەکەوە یان لە ئاوەکەوە دابەزیت و بچیتە سەر وشکایی. ئەم جۆرە شوێنانە بە تابلۆ نیشانە کراون. وێنەیەك لە تابلۆی کە نیشانی دەدا ئەو ناوچەیە ناوچەی پاراستنی باڵندەیە.

# Allemansrätten

## ماسی گرتن

تۆ دەتوانی بەسەربەستی و بیٚ پارەدان لە کەناری دەریاکان و لە هەر پێنج لە گەورەترین دەریاچەکانی سوید ماسی بگریت. بەڵام بۆ ئەوەی کە لە ئاوی تر و شوێنی تردا ماسی بگرێت دەبیٚ کارتی ماسیگرتن یان ئیزنی ماسیگرتنت وەرگرتبێت. ئەو شوێنانەش کە دەتوانی بەسەربەستی ماسیان لێبگریت ئەو جۆرە ڕاوەماسیانە ناگرێتەوە کە بە تۆڕ، بە ئامرازی ماسیگرتن کە بەدوای بەلەمدا ڕادەکێشرێت یان بەکارهێنانی قولاپی جۆری تر و یان گرتنی ماسی جۆری لاکس لە کەنارەکانی نۆرلاند.

## سەگ و ڕاو

هێلانەی و لانەی ئاژەڵ و شوێنی بێچووی ئاژەڵ و بێچووەکان وازلێبێنە و بەلایانا مەچۆ. ئازاردان و زیانلێدانی ئاژەڵ کارێکی قەدەغەیە. لە ماوەی 1 ی مانگی مارت تا 20 ی مانگی ئەیلول کە ئاژەلەکان بێچووەکانی خۆیانیان لایەهیچ سەگێك نابیٚ لە سروشتا بیٚ بەستنەوە بەرەڵاکرێت. هەتا لە کاتی تریشدا دەبیٚ خاوەنی سەگەکان لە سروشتدا بە باشی و بە وردی وڕێك و پێکی چاویان لە سەگەکانیان بێت و ئاگایان لێیان بێت. لە زۆر لە ناوچە و شوینەکانی هەوای ئازادا، لە دوڕگەکان و ناوچەی دوڕگەکانی کە کەوتوونەتە دەرەوەی کەنارەکان (شێرگۆردن) شتێکی ئاسایی یە کە سەگەکان دەبیٚ ببەسترێنەوە.

## ئا گــر

لە زوربەی کاتی هاویندا ئاگرکردنەوە قەدەغەیە. تەنانەت ئاگری گڕی کراوەش لە شوێنی ئاگرکردنەوەشدا قەدەغەیە. وەکو تر پیاو دەتوانیٚ ئاگر بکاتەوە بە مەرجێك بە وردی و ڕێك وپێك زۆر وریای ئاگرەکە بێت. ئاگرەکە بە باشی بکوژێنەرەوە! هەرگیز ڕاستەوخۆ ئاگر لەسەر شاخ مەکەرەوە چونکی ئاگرەکە شاخەکە دەشکێنیٚ و دەیتەقێنیٚ.

## بەر، قارچك و گوڵ

تۆ دەتوانیت بەری دار و درەختی کێوی و قارچك کۆبکەیتەوە هەروەها گوڵ بەڵام نەك ئەو جۆرە گوڵانەی کە بە گوێرەی یاسا پارێزراون. بەڵام قەدەغەیە کە بەبیٚ ئیزن وەرگرتن دار و درەخت و دەوەن ببڕێتەوە یان لق و پۆپەکانیان بشکێنرێن یان چەپکیان لێبکرێتەوە و یان بە جۆرێك زیان بە درەختە ڕواوەکان بگەیەنرێت.

## پاشماوە و زبڵ لەگەڵ خۆت بەرە!

قەدەغەیە کە زبڵ و پاشماوەی بۆ فڕێدان لە دەرەوە بەجیٚ بهێڵرێت. شووشەی شکاو، قوتو، پلاستیك، تەل و تاو و دەزووی ماسیگرتن و پاشماوەی تر سروشت ناشیرین دەکەن و هەستی خۆشی و جوانی سروشت تێك دەدەن. ئەم شتە پاشماوانە لەوانەیە ئازار و زیان لە مرۆڤ و ئاژەلیش بدەن.

## سروشتی بە یاسا پارێزراو



لە سروشتێکدا کە بە یاسا پارێزرابێت وەك باغچە میللییەکان و یان شوێنە سروشتیە پارێزرا و هێڵراوەکان ڕێسای تایبەتی لە ئارادان کە مافی گشتی هەموو کەس سنووردار دەکەن. لەوانەیە کە ڕێسای ناوچەییش لە ناوچەی هەوای ئازادەکانیشدا هەبن. ئەم نیشانەیە هێمای سروشتی بە یاساپارێزراوە.

## زانیــاری زیاتــر

ئەگەر تۆ دەتەوێت دەربارەی یاسا و ڕێساکانی کە لە ئارادان زانیاری زیاتر بزانیت دەتوانیت بە پلەی یەکەم ڕوو بکەیتە شارەوانییەکەت.

NATURVÅRDSVERKET
ISBN: 978-91-620-8674-9